# سەلاحەدین موهتەدی
# و
# هەڵەکەی کوردستانی نوێ

**نەبەز گۆران**

من دڵنیام هەندێك لەنووسەرانی ناو ڕۆژنامە حیزبییەکان  یان باشترە بڵێم ئەو نووسەرانەی بڕیاریان داوە قەڵەمەکانیان لەپێناو حزبدا بەخەسار بدەن کاریان تەنها ئەوەیە  لەدژی ئەو ویژدانە زیندوانە بنووسن کە ئەمڕۆ خەمێکی زۆری خەڵکیان لەکۆڵ ناوەو نووسەرە حیزبییەکانیش چونکە بونەتە دەهۆڵی حزب دەبێت بەهەموو شێوەیەك دژی ئەو ویژدانە گەورانە بوەستنەوە .گەر واش نەکەن حەتمەن حزب نانیان دەبڕێت .

دیارە لەناویشیاندا سەلاحەدین موهتەدی کە ناوەکەی لەسەر وەزنی ( سەلاحیەتی موعتات بونە بەگەندەڵیەوە ) بەحوکمی ئەوەی لەژێر سێبەری حزبدا نان پەیدادەکات دژی ئەو گەنجانە دەنووسێ کە بونەتە دەنگێکی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە . هەڵبەتە مامۆستا ڕووف بێگەردی چیرۆك نووس لەسەر نووسینێکی من لەڕۆژنامەی میدیا لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا نامەیەکی نایابی بڵاو کردەوەو حەزیدەکرد وەك ئێمە لەناو خۆپیشاندانەکان بوایە بۆ ئەوەی بتوانێ  سەرە گەندەڵەکەی حکومەت‌و حزب بشکێنێ .

جەنابی سەلاحەدین موهتەدیش لەدژی مامۆستا ڕووف بێگەر لەکوردستانی نوێ دەڵێت ( پێم ناخۆشە رووف بێگەر خۆی تێکەڵی جەماعەتی مەنسوری حیکمەت‌و مەلاکرێکارو عبدلا ئۆجەلان بکات و ببێتە بەردێك بۆشکاندنی ئەو بینایەی حکومەت کە رووف بێگەر خۆی بەشێکە لەبنیات نانی) بەلۆژیکی ئەم نووسەرە کلۆڵەبێت ئێمە یەکێکین لەو جەماعەتانەو پێمان وتراوە کە خۆپیشاندان بکەین بۆ ئەو بینایەی کە حکومەت بنیاتی ناوە . بابزانین جەنابی سەلاحەدین موهتەدی خۆی چیە ؟ ! دەبێت ئەو نووسەرە حزبیە نانێك بخوات‌و لەتێکی بکاتە ساقەسەری مام جەلال گەر هاوڕێی ئەو نەبوایە بەحەیاتی لەکوردستانی نوێ شوێنی وشەیەکی ئەوی تیدانەدەبویەوە .من بیستومە ئامر لیوا پاسەوانی هەبێت بەڵام لەفەرهەنگی هەموو دنیادا نەم زانیوە نووسەر پاسەوانی هەبێت . دیارە کاك سەلاحەدین هەم ئامرلیوایەو هەم نووسەریشە !!!

باشە بۆ گەنجەکان گەر داوای کارەبا بکەن دەبنە هاو بیری مەلاکرێکا ؟! ئەوەندەی من بزانم هیچ کام لەو گەنجانەی دژی گەندەڵی دەوەستن هەرگیز پێیان خۆش نیە تەنانەت ڕیشە درێژەکەی مەلاکرێکاریش ببینن . ئەی خەیرە لەمەلاکرێکارەوە یەکسەر دەبین بە هاوبیری مەنسوری حیکمەت . خۆ ئەم دووو پیاوە ئەرزوو ئاسمان جیاوازیانە تەنها لەیەك شتا یەك دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە

ماموٚستاکەی مەنسوری حیکمەت مارکسی فەیلەسوفە کە ڕیشی درێژە , ماموٚستاکەی مەلاکرێکاریش ئوسامەی کوڕی بن لادنی توندوتیژە کەڕیشی درێژە . کەواتە لەیەك حاڵەتا ئێمە هەردوو کیانین . بالەمەگەڕێین ئەی بوٚچی بوینە هاوبیری عەبدلاٚ ئوٚجەلان ؟! بەرلەهەموو شتێك دەمەوێت بڵێم لای من عبدلاٚ ئوٚجەلان پیاوێکی شوٚڕش گێڕە . پیاوێکی کوردە. عەبدلاٚ ئوٚجەلان ئەو پیاوەیە توانیویەتی بەهەزاران کوڕو کچی جوان کوٚکاتەوەو بیانکات بەگەریلا لەو شاخانە شەڕبکەن دژی دڕندەترین هێزی تورکی , ئەویش لەپێناوی کوردا . باشە پیاوێك ئەوەندە بەهێز بێت حەقی ئەوەی هەیە بێحورمەتی پێوەبکەیت ؟! شەرت بێت گەر سەلاحەدینی موهتەدی بتوانێت لەکوٚلاٚنەکەی خوٚیان چوار کەس کوٚبکاتەوە من هیچ قسەیەك ناکەم بەلاٚم دڵنیام ئەوەی پێناکرێت . هەرچوٚن پێی نەکرا بچێتە ناو حزبە شوٚڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێرانەوەو لەپێناوی نەتەوەکەیدا خەبات بکات هەرئاواش ناتوانیٚ چوارکەس لەدەروی خوٚی کوٚبکاتەوە , ئیدی باشترێکە باسی عبدلاٚ ئوٚجەلان نەکات .

بەڕیزم جەنابی نووسەری حزب , من دەزانم وەزیفەی توٚ ئەوەیە دژی خەڵکی بنووسیت , هیوادارم وەك موهتەدیەکانی تر دواجار نەبیتە ( ساواك ) گەر کەس لەم قسەیەم تێنەگات خوٚت باش دەزانی مەبەستم چیە .ئاخر توٚیەك لەپێناوی وەرگرتنی سەیارەو خانویێك هەموو شتێکت لەبیر کردبێت, دەبێت ئەوەش بزانی خوٚپیشاندانی گەنجان دژی ئەو گەندەڵیەیە کەحیزب دێت دەیان مەخلوقی بیٚ ئیقامەی وەك توٚ دەکاتە پاڵەوان بەسەر ئێمەوە و حەقیش دەدەیت بەخوٚت دژی شوٚڕشگێڕەکان بنووسیت لەکاتێکدا کەخوٚت شوٚڕشت پێناکرێت . ئەوە بەردەی کەبەدەس ئێمەوەیەو ماموٚستا رووف بێگەر پێی خوٚشە بیگرێت بەدەستەوە کاتێك دەیهاوین دڵنیابە یەکەم سەرێکی گەندەڵ کەدەیشکێنین سەری توٚیە . کاتێکیش باسی بیناکردن دەکەیت من نازانم مەبەستت چیە . بەلاٚم ئەوەندە ئەزانم نانی ئەم جوٚرە نووسینانەت دەخوٚیتو کارت ڕازی کردنی دڵی حزبە .

دەبوایە ئەو نووسەرە حزبیە کەمێك بەخوٚیدا بچێتەوە بوٚن بە باخێکەوە نەکات کە لوتی ئەوەندە زەلیل بێت نەتوانیٚ بوٚنی ئەو باخە هەست پێبکات .ئێمەواین , دژی گەندەڵی دەنووسین , دژی گەندەڵی خوٚپیشاندان دەکەین , ئێوەش وان , دەبنە منداڵی ئەو حزبەی لەسەر کەلاکی خەڵك دەژی . دەبنە دهوٚڵی ئەو حزبەی هەموو هەوڵی ئەوەیە فێری بێدەنگیمان بکات . جەنابی سەلاحەدینی موهتەدی توٚ زوٚر گوناحی چونکە شوێنەکەت ئەوەندە ناشیرینە کەس بەخیلت پێنابات . دەزانم ڕوٚژێکیش دێت ناوی ئەو نووسەرە حزبیانەشەرمەزاریەکی گەورەیەو فایلیان بوٚدەکرێتەوە , ئەوکات ناوی توٚش لەناو ئەو فایلەدا کوٚڵیٚ تەریق بونەوەت بوٚ بەجیٚ دەهێڵیٚ . ئینجا دەزانی لەپێناوی ماشێنێکدا چ عەیبو عارێکت بوٚ منداڵەکانت بەجیٚ هێشتوە .